کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 19:43 16-12-2007

## ئەمە یاسای ڕۆژنامەگەری نییە کپکردنی ڕاو داواکاری خەڵکە... هیوا کۆیی

rojgar_koyi@yahoo.com

گەرمیللەت لەگەڵ دەسەڵات بێت و لەکارەکانی ڕازیبێت، کەس گوێ بە نووسینی بێمانا و سووکایەتی پێکردنی دەسەڵات نادات و بەکاریکاتێرەکانیش پێناکەنێت، هەر هۆیەك وایکردبێ یاسایەکی بەم شێوەیەی ڕۆژنامەگەری لەکور دستان بێتە کایەوە، کەمتەرخەمی دەسەڵاتی کورد خۆیەتی.

لە هەمبەر نەبوون و پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، لەهەمبەر بەهەدەردانی سامانی ئەم میللەتە کە بەرلەهەموو کەس تاکی کورد خاوەنیەتی، لەهەمبەر نەبوونی ئاو و کارەباو سووتەمەنی، لەهەمبەر نەبوونی چەندان خزمەتی تر کەدەبو هەبێت و نی یە، زۆر ڕێگەی توندوتیژ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەی ئێستا هەبو، بەڵام بەدەر لەهەر ڕێگەیەکی توندوتیژی و ڕووبەڕووبوونەوەیەك کەدەبوبکرێ، خەڵکی کوردستان بەردو داریان گۆڕی بەقەڵەم و زمان، بەوەی هەرچی ڕەخنەو گلەیی و داواکاریان هەیە لەڕێگەی نووسین لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و و قسەکردن لە tvو رادیۆکان، هەڵچوون و تووڕەبوونەکانی خۆیان دادەمرکاندەوە، 16 ساڵ و 9 مانگە هەرێمی کوردستان حوکمی خۆی دەگێڕێ، 3ساڵ و 8 مانگە داهاتی ئەم گەلە5 بەرابەر زیادی کردووە، کەچی بژێو و ژیانی زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەم ئەگەر خراپتر نەبووبێت وەك خۆی ماوەتەوە، داهاتی وڵات زیاد بو، بۆ ژیانی خەڵك وەك خۆی ماوە؟ بازاڕی ئازاد هاتەکایەوە بۆ نرخەکان لەبەرزیدا بوون بەخەیاڵ؟ ڕێگە و ئیمکانییەت هەیە بۆهێنانی کەلوپەل بۆدابینکردنی کارەبا، ئەی بۆ کارەبا نیە؟ ژێرمان زێڕی ڕەشە ئەی بۆ نەبوونی بەنزین و غاز و نەوت ژیان لەبیری ئەم میللەتە دەباتەوە؟پەرلەمانی کوردستان گەر هەڵبژێردراوی خەڵکە بۆچی هیچ یەك لەم کێشانەی چارەسەر نەکردووە؟ ساڵەهای ساڵە کێشەی نیشتەجێبوون گرفتی خەڵکە، حکومەت بەپێدانی زەوی ڕووت، هەوڵی چارەسەری ئەم کێشەیە دەدات، کام بەرپرس کام موخلیس لەپەرلەمان و حکومەتی کوردستان خۆی بە خەمخۆر دەزانێت، بابێت 10ساڵ لەنێو خانوی کرێ نیشتەجێ ببێت و پارچە زەویەکی پێبدرێت لەبەرامبەردا مووچەیەکی مانگانە بەبڕی 400 هەزار دیناری پێبدەن، ئاخۆ چۆن و بەچ ڕێگەیەك خۆی لەکێشەی کرێچییەتی رزگار دەکات؟!

ئەمانەن کێشەکانی خەڵك و دەردو ئازارەکانیان، ئەمەش هەوڵ وَ تێکۆشانی حکومەت و پەرلەمان بۆ چارەسەری گرفتەکانی خەڵك،

هەموو ئەو هۆکارانەن وایانکردووە خەڵك لەپێستی خۆی بێزاربێت و لەرێگەی نووسینەوە پڕوشك بهاوێت و ئەوکەسانەی سووکایەتیش بە دەسەڵاتی کوردی دەکەن لەرێگەی نووسین و دروستکردنی کاریکاتێر بێزاری خەڵکیان خوێندۆتەوە کە دەزانن خەڵك دەستخۆشی لەسووکایەتی پێکردنەکان و کاریکاتێرەکانیان دەکەن، بۆیە ئەو کار ونووسینانە دەخەنەڕوو، هەمووکەس ناوێرێت جنێوبدات و سووکایەتی بە بەرپرس بکات، بەڵام کاتێکیش سووکایەتی پێکردنێك دەبینێت پێدەکەنێت و دەستخۆشی لەم کارە دەکات، چونکە حەزی میللەتیش ئەوە دەخوازێت، زۆربەی هەرەزۆری نووسینی ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتەکان، ڕەخنەگرتن بوە لە گەندەڵی و کەسانی گەندەڵ لەرووەکانی ئابووری وئیدارییەوە، بەدەرکردنی ئەم یاسایە کەسی ڕەخنەگر دەمکوت و گەندەڵکاریش پاڵپشتی بۆدروست دەبێت..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.